بەرێز مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

جارێکی تریش دەستی ڕەش و تاوانباری تێرۆریستەکانی انصارالاسلام کارەساتێکی دڵتەزێنی خوڵقاند و ژمارەیەك کادری هەڵکەوتوو و سیمای خۆشەویستی خەڵکی کوردستانی بە پیلانێکی خیانەتکارانە خڵتانی خوێن کرد.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کارەساتی گیان لەدەستدانی تێکۆشەری بەنرخ و دۆستی دێرینی ئێمەش کاك شەوکەتی حاجی موشیر و هەڤاڵانی کاك سەرداری حاجی غەفوور و کاك حیکمەتی حاجی عوسمانمان پێگەیشت. بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوە و هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها بنەماڵەی بەرێزی ئەو شەهیدانە دەکەین و شەریکی خەمتانین.

بەدڵنیاییشەوە ویستی بەرهەقی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەسزا گەیاندنی خوڵقێنەرانی ئەو کارەساتە و پاك کردنەوەی کوردستان لەو تاقمە تاوانبارەیە.

جارێکی دیکەش پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە ئێوە و لە بنەماڵەیان دەکەین.

لەگەڵ ڕیزماندا،

لەلایەن کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،
عەبدوڵڵای موهتەدی
٩ی فیبرواری ٢٠٠٣